# ڕەوشی زمان و خوێندنی کوردی لە کەرکوک

**پ.ی.د. ئازاد ئەمین باخەوان**

**زانکۆی کەرکوک کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی.**

## دەسپێك

جێی ئاماژەیە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شاری کەرکوك فرە نەتەوەی و فرە زمانی و فرە ئاینی و ئاینزاییە ... لەم شارەدا ململانێی نەتەوەی و زمانی لە هەموو شارەکانی تر زیاترە و زەقترە ... ئەویش بەهۆی ئەو سیاسەتە ناتەندروستانەی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان ... سەبارەت بە پەیوەندی نێوان زمان و نەتەوە دەتوانین بڵێین پیوەندییەکی توند و تۆڵە ، پێشکەوتن و گەشەکردنی زمان روخساری گەشەکردنی نەتەوە دەردەخات . هەر نەتەوەیەکیش پێشکەوت و روخساری شارستانییەتی بەخۆە گرت ، مانای وایە زمانەکەشی زمانی شارستانیەتە و گەشەکردووە . هەروەها ژیانی زمانیش بەندە بە ژیانی نەتەوەوە . بەرزی و بڵندی زمان لە بایەخدانی نەتەوەوە سەرچاوە دەگرێت . بۆیە زۆر پێویستە بایەخ و گرنگی بە زمان و هۆکارەکانی گەشەکردنی زمان بدرێت . .. ( هامبۆڵت )ی زمانەوانی ئەڵمانی وای دەبینێ کە : (( دەرکەوتنی زمان بەقەد دەرکەوتنی ئەو گەلانەیە کە بەو زمانانە قسە دەکەن )) . کەواتە بناخە و بنەمای نەتەوە زمانە .( هامبۆڵت ) زمانی کردووە بە پێوانەی بوونی نەتەوە ... بۆیە گرنگیدان بە زمانی دایك و خزمەتکردنی ئەرکی هەموو تاکێکی نەتەوەیە . ( د. عەبدوڵا حوسێن رەسوڵ ) دەڵێت : (( گرنگترین بنەمای هەر نەتەوەیەك زمانە ، بەڵام لەناو کورددا زمانی کوردی هۆی هەرەسەرەکی مانەوەی نەتەوەی کوردە و مانەوە و لەناونەچوونی گەلی کورد بەندە بە مانەوە و پاراستنی زمانی کوردی )) بێگوومان

ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئێمەی کورد تەنها ( زمان ) ئێمەی لە قڕکردن و تواندنەوە پاراستووە .

لە راستیدا لەبەر دیاریکردنی کات و پابەندبوونمان پێیەوە نامانەوێت باسی زمانی دایك و ڕۆژی زمانی دایك بکەین . بۆیە دەمانەوێت ڕاستەوخۆ بچینە ناو باسەکەمانەوە .

##  ڕەوشی زمان و خوێندنی کوردی لە کەرکوك :

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە زمانی کوردی لە کەرکوك زۆربەی شێوە ئاخاوتنەکان لەخۆ دەگرێت ، بۆیە دەتوانیین بێ دوودڵی بڵێین کەرکوك کوردستانێکی بچوککراوەیە .. بۆ دیاریکردنی شێوە ئاخاوتنەکان پێویستە لەڕووی جوگرافییەوە ئاماژەی بۆ بکرێت ، چونکە گەڕەکە کوردییەکانی کەرکوك بەپێی ڕێگای هاتووچۆی شارەکانی کوردستان دەشێت شێوە ئاخاوتنی دیاری بکرێت . بەم شێوانە : ڕێگای کەرکوك سلێمانی ، کەرکوك هەولێر ، کەرکوك گەرمیان

١ ئەو گەڕەکانەی کەوتوونەتە سەر ڕێگای سلێمانی بریتیین لە ( ئیسکان ، ئازادی ، ئیمام قاسم ) ئەم گەڕەکانە لە شێوازی ئاخافتنیاندا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە کاریگەری شێوەزاری سلێمانیان بەسەردا زاڵە . جێی ئاماژەیە شارۆچکەی چەمچەماڵ سەر بە شاری کەرکوك بوو ، بەڵام دواجار ڕژێمی بەعسی فاشی لە کەرکوکی دابڕی و خستیەسەر سلێمانیەوە . کەواتە پەیوەندییەکی خزمایەتی و تێکەڵاوییەکی ئێجگار زۆر هەیە لە نێوان خەڵکی ئەم گەڕەکانە و شارەکانی دەوروپشتی سلێمانی و ناوسلێمانی ... بەڵام ئەمڕۆ لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە گەڕەکەکانی ئیسکان و ئازادی فراوانتر بوونە و چەند گەڕەکێی نوێیان بنیاتناوە ، وەك : ( دەروازە و باروتخانە و ... هتد ) ئەم گەڕەکانە جگە لە خەڵکی ڕەسەنی ئیسکان و ئازادی ، کوردی گەڕەکەکانی دیکەش لەوێ نیشتەجێبوونە ئەمیش لە

ڕووی زمانەوە تێکەڵاوی دروس دەبێت و کاریگەریان بۆ سەر یەکتر دەبێت و شێوە ئاخاوتنەکان لەیەکتر نزیک دەکاتەوە ...

٢ دەتوانین بۆ ڕێگای ( هەولێر کەرکوك ) دوو گەڕەکی گەورەی بەناوبانگ دیاری بکەین ، کە ئەوانیش گەڕەکەکانی ( ڕەحیم ئاوا و تەپە ) یە زۆربەی دانیشتوانی ئەم دوو گەڕەکە کە کوردن و ( شێوە زاری هەولێر ) بەسەریاندا زاڵە و بەتایبەتی لە ڕووی فۆنەتیك و درکاندنەوە زۆر بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت و وەك ناسنامەیەك دەشێ بەهۆیەوە دەستنیشانی خەڵکی گەڕەکەکەی پێبکرێت ... ( رحیم ئاوا ) جگە لە کورد کە زۆرینەیە هەندێك خێزانی ( تورکمان و کلد و ئاشور ) و دوو خێزانی ( صابئە ) شی تێدا دەژێت ... ( ویکیبیدیا ) خەڵکی ئەم گەڕەکە پەیوەندی خزمایەتی و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتیان هەیە ، لەگەڵ خەڵکی پردێ و لادێیەکانی دەوروپشتی کەرکوك تاوەکو هەولێر ... بۆیە شێوە زاری هەولێر لە ئاخافتنیاندا بەدی دەکرێت ..

٣ ڕێگای سێیەم کەرکوك گەرمیانە ، خەڵکی( گەڕەکی شۆرجە ) ئاخاوتنیان گەرمیانییە ، یان دەتوانین بڵێین شێوە زاری گەرمیان کاریگەری بۆسەر ئاخاوتنی خەڵکی ئەم گەڕەکە هەیە ، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئەم گەڕەکە وەك بنەچە دەگەڕینەوە سەر شار و دێیەکانی گەرمیان و دێیەکانی دەوروپشتیی( داقوق )ی خوارووی کەرکوك و ( خورماتوو ) ، چونکە پێشتر خورماتوو سەربە شاری کەرکوك بوو بەڵام پاشان ڕژێمی بەعس لە کەرکوك دایبڕی و خستییە سەر تکریت ، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشی بوو ئەوە بوو کە خەڵکەکەی تاوەکو ئێستاش لە کەرکوك دانەبڕاون . کەواتە ( شۆرجە ) شێوەزاری گەرمیانی بەسەردا زاڵە و بووە بە ناسنامەی خەڵکی ئەو گەڕەکە و بە قسەکردنیاندا دەناسرێنەوە .

پێکهاتەی زمانی کوردی لە کەرکوك تەواو جیاوازە لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان ، چونکە جگە لە ڕێگای هاتووچۆی سەر شارەکانی کوردستان شێوەئاخاوتنی دیکەش بوونی هەیە ، بۆ نموونە : لە گەڕەکی ( تەپە ) دا کۆڵانێك

هەیە پێی دەوترێت ( محلەی عەجەم ) لەم کۆڵانەدا کۆمەڵێك خێزان دەژین کە زمانی قسەکردنیان لە ماڵەوە جیاوازە لەگەڵ خەڵکی ( تەپە ) و ناو کەرکوك چونکە شێوەئاخاوتنەکەیان لوڕییە و زاری لوڕی بەسەریاندا زاڵە ... هەروەها جێی ئاماژەیە کە لە کەرکوکدا ( کاکەییەکان ) ژمارەیان زۆرە و بەشێوە ئاخاوتنی ( ماچۆ ) قسە دەکەن کە ئەمیش سەربە زاری هەورامییە . جگە لە کاکەییەکان چەند هۆزێکی دیکەش لە کەرکوکدا بوونیان هەیە و ژمارەیان ئێجگار زۆرە وەك ( زەنگەنە و شێخان و ڕۆژبەیانی ) کە ئەمانیش شێوەئاخاوتنیان نزیکە لە ( ماچۆ ) وە ، ئەم هۆزانە کە لەگەڵ یەکتردا قسە دەکەن بە ئاسانی لە یەکتری حاڵی دەبن ، هەرچەندە هەندێك جیاوازی زمانی لە نێوانیاندا دەبینرێت ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەورامی زاڵە بەسەریاندا . ئەوەی جێی سەرنجە لە کەرکوکدا ئاخاوتنی کرمانجی ژووروو بەدی ناکرێت ، هەرچەندە بە بەردەوام کۆمەڵێك خەڵکی ( ئێزدی ) دەهاتن بۆ کەرکوك و لە شوێنی مەیخانە و فرۆشتنی ( مەشروبات ) کاریان دەکرد بەڵام کاریگەری زمانیان جێنەهێشتووە ، چونکە ئەوان زیاتر بە زمانی عەرەبی مامەڵەیان دەکرد و بەشێکیانیش هەوڵی ئەوەیان دەدا وەك کەرکوکییان بدوێن ... نەگەیشتنی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو بۆ کەرکوك ڕەنگە دووری جوگرافی بێت کە ئەم دابڕانەی دروستکردبێت ، یان دەشێ بڵێین خەڵکی ئەو دەڤەرە هاتووچۆی کەمتریان هەبووبێت بۆ کەرکوك و تێکەڵاوی و خزمایەتیان سنووردار بووبێت . بەپێچەوانەشەوە خەڵکی کەرکوك ڕوویان لە شارەکانی دهۆك و زاخۆ و ئەو دەڤەرانە کردووە و بەدوای بژێوی ژیاندا گەڕاون ، لە ئاخافتنیاندا بەدی دەکرێت ، بەڵام ئەو کاریگەرییەی نەبووە ...

ئەوەی وتمان زۆر بەکورتی بوو سەبارەت بە ڕەوش و پێکهاتەی زمانی کوردی لە کەرکوك ، کە تەواو جیاوازە لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان ، چونکە هەر شارێکی کوردستان بەنموونە وەرگرین دەبینین کە ناوەندی شار و دەوروپشتی تاڕادەیەکی باش لێکنزیکن و هەمان شێوەئاخاوتنیان هەیە و هەست بە جیاوازی ناکرێت ، بەڵام لە کەرکوك پێچەوانەیە ناتوانرێت ناوەندێك دیاریبکرێت

بۆ ئاخاوتنی کەرکوك ، بۆیە لە توێژینەوەی زمانیدا بۆ شاری کەرکوك پێویستە ئاماژە بۆ گەڕەك و هۆزەکان بکرێت ...

## بەریککەوتنی زمانەکان لە کەرکوك :

گوومانی تێدا نییە مانەوەی کورد لە کەرکوك لە سەردەمی ڕژێمە یەك لە دوای یەکە دیکتاتۆرییەکانی دەسڵات زمانەکەیەتی . زمان هۆکاری مانەوە و بەرگە گرتنێتی لە بەرامبەر ئەو هێز و دەسەڵاتە لەناوبەرانەی کە بە ئاسن و ئاگر حوکمی کەرکوکیان دەکرد . سەرباری ئەو هەموو تەعریب و لەناوبردن و گواستنەوە و ئەنفال و ڕوخاندنی ماڵی کورد و پیادەکردنی هەموو سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە ، نەیانتوانی کورد بنبڕ بکەن و بیسڕنەوە ... چونکە کورد خاوەنی زمان و کەلتووری خۆیەتی ، یان دەتوانین بڵێین نیشتەجێی زمانی خۆیەتی ، بۆیە توانی بەرگری بکات و مانەوەی خۆی بپارێزێت ...

جێی سەرنجە کەرکوك شارێکی فرە زمانی و فرە نەتەوەیی و ئاینی و ئاینزایە . کەرکوك وەك پێکهاتەی نەتەوەیی بریتییە لە ( کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوور ) ... سەبارەت بە بەریەککەوتنی زمانەکان لە کەرکوکدا دەشێ دابەشی سێ گروپی بکەین ، ئەم دابەشکردنەش پەیوەندی بە پێکەوە ژیانی خەڵکی شارەکە و زمانە جیاوازەکانەوە هەیە کە دەشێ بەم شێوەیە دابەشی بکەین :-

١- گەڕەکە یەك زمانییەکان

٢ - گەڕەکە دوو زمانییەکان

٣ - گەڕەکە سێ زمانییەکان

هەوەها دەتوانیین جگە لە پۆلێنکردنی گەڕەکەکان پۆلێنی هەندێك شوێنی دیکەش بکەین ، وەك : بازاڕەکان (١،٢،٣) زمانی ، خوێندنگاکان ( ١،٢،٣،٤) ، ( خێزانەکان - ئەو خێزانە کوردانەی کە پەیوەندی هاوسەرگیریان لەگەڵ نەتەوەکانی

دیكەدا ئەنجام داوە ، یان بە پێچەوانەوە ) . بەڵام ئێمە لەم باسەدا تەنها پۆلێنكردنی گەڕەكەكان دەكەین بە نموونە .

١ـ لە گەڕەكی یەك زمانیدا خەڵكی فێری تەنها یەك سیستەمی زمانی دەبێت ، ئەویش ئەو زمانەیە كە لە ماڵەوە و دەرەوە بەكاری دەهێنن . زۆربەی گەڕەكە كورد نشینەكان یەك زمانیین و تەنها زمانی زگماكی خۆیان دەزانن و زمانەكانی تر نازانن ... لەم جۆرە گەڕەكانەدا بەریەك كەوتنی زمانی نابینرێت ، چونكە تێكەڵاوی زمانی ئەگەر هەشبێت زۆر كەمە ، واتا ڕەنگە خێزانێكی توركما یان عەرەب لەم جۆرە گەڕەكانە بژێت ، بەڵام دواجار منداڵانی ئەو خێزانانە بەهۆی تێكەڵاو بوونیان لەگەڵ منداڵانی گەڕەك فێری كوردی دەبن ... ئەم دیاردەیە تەنها بۆ كورد و زمانی كوردی نییە ، بەڵكو بۆ نەتەوەكانی دیكەش هەمان شتە ... ئەوانیش گەڕەكی یەك زمانیان هەیە ، كە تەنها بەزمانی زگماكی خۆیان دەدوێن ...

٢ ـ لە گەڕەكی دوو زمانیدا خەڵكی بە دوو جۆر زمان قسە دەكات ، واتە ئەو گەڕەكانەی كە پێكهاتەكانیان بریتییە لە دوو نەتەوە ، منداڵانی ئەم گەڕەكانە لە ماڵەوە بە زمانی زگماكی خۆیان دەدوێن و لە دەرەوەش بە زمانی یەكتر ، ئەمیش ئەوە دەبەخشێت كە تێكەڵاوی و پێكەوە ژیان هۆكارە بۆ فێربوونی زمان و بەریككەوتنی زمانەكان ، بۆ نموونە گەڕەكەكانی ( پریادی و چقوڕ و شاترلوو )ی كەركوك زیاتر ( كورد و توركمان )ن ، بۆیە ئەم دوو نەتەوەیە تاڕادەیەكی باش زمانی یەكتری دەزانن و تەنانەت ئەگەر بە زمانی زگماكی خۆشیان بدوێن زۆرجار وشە و دەستەواژەی یەكتر بەكاردێنن . هەروەها لە گەڕەكی ( شاترلوو ) كورد و مەسیحی پێكەوە دەژین . جێی ئاماژەیە كە منداڵە مەسیحییەكان زیاتر فێری كوردی دەبن وەك لە منداڵانی كورد . چونكە ئەوان زیاتر زمانەكەیان لە ماڵەوە لە نێوان خۆیاندا بەكاردەهێنن . ..

لە هەشتاكانی سەدەی ڕابردوودا ڕژێمی بەعس بە مەبەستی ( تەعریب ) كردنی كەركوك ، لە گەڕەكی ( شۆرجە )دا زەوی بەسەر عەرەبی هاوردەدا دابەشكرد و ناوی

لێنا ( دور الشرطة ) بەپێی زانیاری ئێمە منداڵانی ئەم گەڕەکە کە عەرەبی هاوردە بوون ، زۆربەیان فێری زمانی کوردی بوون و وەك مناڵانی کورد قسەیان دەکرد و زۆرجاریش دەبوون بە وەرگێر بۆ دایك و باوکیان ، بەڵام منداڵانی کورد زۆربەکەمی فێری زمانی عەرەبی بوون .. ئەویش بەهۆی سنوردارکردنی تێکەڵاویان لەلایەن خێزانەکانیانەوە .

٣  لە گەڕەکی سێ زمانیدا ، خەڵکی ئەو گەڕەکانە بە سێ زمان لەگەڵ یەکتردا مامەڵە دەکەن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبەستن . یەکێك لەو گەڕەکە کۆنانەی کەرکوك ( قەسابخانە ) یە ، کە هەر سێ نەتەوەی ( کورد و عەرەب و تورکمان ) لەخۆ دەگرێت ، کە ماوەیەکی زۆرە ئەم سێ نەتەوەیە لەم گەڕکەدا دەژێن و پێکەوە مامەڵە دەکەن . دەتوانم بڵێم زۆربەیان وەك یەك زمانی یەکتری دەزانن ، تاوەکو ئێستاش پێکەوە گوزەران دەکەن ... منداڵانی ئەم گەڕەکە بە ئاسانی فێری زمانی یەکتر دەبن و لە ئاخافتنیاندا وشە و کەرەستەی زمانی یەکتر بەکاردێنن ... جێی ئاماژەیە لە گەڕەکەکانی دوو زمانی و سێ زمانیدا زمانی باڵادەست و زاڵ بۆ خوێندن ( زمانی عەربییە ) واتا منداڵانی کورد و تورکمان لە خوێندنگای عەرەبی دەخوێنن ، زمانی ماڵەوەیان جیاوازە لەگەڵ زمانی خوێندنیان ...

منداڵێکی تورکمانی سێ زمانیم دواند و لێم پرسی : تۆ کام زمان زۆر بە باشی دەزانیت ؟ ڕاستەوخۆ بێ بیرکردنەوە ووتی ( تورکمانی ) . ووتم دوای تورکمانی ؟ ووتی ( کوردی ) ووتم بۆ ؟ ووتی لەبەر ئەوەی زۆربەی هاوڕێکانم کوردن ..پێم ووت : ئەی زمانی عەرەبی ؟ ووتی عەرەبییش باش دەزانم و کێشەم نییە ، بەڵام هاوڕێ کوردەکانم لە عەرەبیدا زۆر باش نیین ، زۆرجار مامۆستا کوردەکان وانەکان بە عەرەبی شەرح دەکەن ، ئەوجا دەیکەن بە کوردی بۆ ئەوەی ئەوانیش تێبگەن ... ( تێبینی : ئەو منداڵەی دواندم پۆلی چواری بنەڕەتی بوو ) .

لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە فێربوونی دوو زمان یان سێ زمان و زیاتر لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی پێشکەوتوودا ، وەك سەرکەوتنێکی بەرچاو بینراوە

بەتایبەتی لە وڵاتە ئینگلیزی زمانەکاندا ، هەروەها گریمانە دەکرێت کە زیاتر لە سەدا حەفتا ( ٧٠ )ی دانیشتوانی جیهان توانای قسەکردنیان هەیە بە دوو زمان یان سێ زمان و زیاتر (د رحیم سورخی ) ... هەروەها کریستال لە کتێبەکەیدا ( مختصر تاریخ اللغه )دا دەڵێت : (( پێویست ناکات تووشی سەرسوڕمان بین بەوەی کە منداڵان بەخێرایی فێری زمانەکان دەبن ، چونکە مێشکیان وا دیزاین کراوە ... سێ لەسەر چواری منداڵانی جیهان فێری زیاتر لە زمانێك دەبن . هەندێکیان لەیەك کاتدا فێری چوار یان پێنج زمان دەبن . ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگایەك دەژین کە تەنها بەیەك زمان قسە دەکەن تووشی سەرسوڕمان دەبن ، بەڵام ئەمە بەتەواوی کارێکی سروشتییە ... منداڵەکان بەشێوەیەکی سروشتی هەموو وشەکان وەردەگرن ، وەك چۆن هەناسە وەردەگرن ، دەشێ مێشکی مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ دەیان زماندا بکات )) هەروەها باسی ڕۆژنامە نوسێك دەکات بەناوی ( هارولد ویلیامز ) کە لە ساڵی ( ١٩١٨ )دا لە کۆمەڵەی گەلان ( عصبه الامم ) کە دەیتوانی زۆر بە ڕەوانی بە پەنجاو هەشت زمان بدوێت ، کە ئەوجا دەڵێت : ئەمیش جێی ژمارەیەك نیشانەی سەرسوڕمانە ... )) .

هەروەها لە ئەوروپادا زیاتر لە ( ٢٠٠ ) زمانی قسەکردن هەیە ، بەڵام گرنگترینیان دە زمانە وەك ( ڕوسی ، ئەڵمانی ، فەڕەنسی ، تورکی ، ئیتاڵی ، ئینگلیزی ، ئیسپانی ، پۆڵەندی ، ئۆکرانی ، هۆڵەندی ) ...

گوومانی تێدا نییە فێربوونی چەند زمانێك وەك سەرکەوتن و کارێکی سروشتی تەماشا دەکرێت ، بەڵام کێشەی چەند زمانی لە کەرکوك ئەوەیە کە ئاماژەم پێدا (زمانی عەرەبی) وەك زمانی خوێندن زاڵە بەسەریانەوە ...

### ڕەوشی خوێندنی کوردی لە کەرکوك :

کەرکوك لە پاش ساڵی ( ١٩٧٠ ) و بەیانی یانزەی ئازار خوێندنگاکان بەشێوەیەکی فەرمی بوون بە کوردی و بە زمانی دایك تێیاندا دەخوێندرا ...

تاوەکو سەرەتای ساڵانی ( ١٩٨٠ ) خوێندن بە کوردی بوو ، بەڵام دواجار ڕژێمی بەعسی فاشی بڕیارێکی قەرەقوشانەی دەرکردوو هەرچی خوێندنگا هەبوو کردی بە زمانی عەربی و ناوی خوێندنگاکانیشی گۆڕی بۆ عەرەبی ... ئەو کاتە ئێمە چواری ئامادەیی بووین تاوەکو نیوەی ساڵیش خوێندنمان کوردی بوو ، بەڵام لەپڕ کتێبە کوردییەکانیان لێ وەرگرتینەوە و کتێبی خوێندنی عەرەبیان بەسەردا دابەشکردین و خوێندن گۆڕا بۆ زمانی عەرەبی ... ئەو کاتە هەموو شۆك بووین ، نەماندەزانی چیبکەین ، ئەنجام خوێندکاران دابەشی سێ جۆر بیرکردنەوە بوون ، بەشێکیان وازیان لە خوێندن هێناو بەشێکی تریان خوێندنیان گواستەوە بۆ چەمچەماڵ و سلێمانی و هەولێر ... هتد ، بەشی سێیەم کە من یەکێك بووم لەوان بەرگریمان کرد و ماینەوە مامۆستایان هاریکارمان بوون و دەریان چاندین ... بەڵام لە پێنج و شەشی ئامادەیی ناچاربووین شەو و ڕۆژمان خستەسەر یەك و دەمانخوێند و تەواومان کرد . ئیدی هەموو خوێندکارانی کوردی کەرکوك بەم دەردەچوون . تەنانەت مامۆستایانیش بە تایبەتی مامۆستایانی زمانی کوردی ناچارکران بابەتی ئاین لە جیاتی زمانی کوردی بڵێنەوە ... ئەم بارە نالەبارە تاوەکو پرۆسەی ئازادی و ڕزگارکردنی کەرکوك بەردەوامبوو ... لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمدا ڕاستەوخۆ هەرچی خوێندنگا هەبوو کران بە کوردی ... لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هیچ گەڕەکێکی کوردی خوێندنی عەرەبی تێدا نەما ، جگە لە بابەتی زمانی عەرەبی کە زۆر بە ساکاری دەخوێندرێ ،ئەویش هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی نییە بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی . ئەم گۆڕینی خوێندنە کاریگەری هەبوو بۆ سەر برایانی تورکمان ، ئەوانیش زۆربەی خوێندنگاکانیان کرد بە لاتینی و تورکی ... بەڵام تورکمان پاش چەند ساڵێك جگە لەچەند خوێندنگایەکی دیاریکراو هەر هەموویان گەڕاندەوە سەر خوێندنی عەرەبی . بەڵام خوێندنگا کوردییەکان تاوەکو ئێستاش هەر بە کوردی مانەوە . سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای خوێندنی کوردی لە کەرکوك دژوارە ، بە تایبەتی بۆ پۆلەکانی ( ٩  ١٢ )ی بنەڕەتی چونکە وەك بەڕیوەبەری یەکەی سەرپەرشتیاری بنەڕەتی ( پەروین فاتح ) لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیونیدا دەڵێت : (( ئەگەر بڵێم زۆربەی

کێشەکانمان چارەسەر نەکراوە ئەوە ڕاستی بابەتەکەیە لەبەر ئەوەی ئێمە هەر لە سەرەتای دروستبوونی خوێندنی کوردی ڕۆژانە دەیان چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەین و کەچی کێشەکانمان لەجێی خۆیەتی بۆ نموونە : تاقیکردنەوەکان کێشەیەکی سەرەکی خوێندکارە ، تاقیکردنەوەکان بەغدا پێی هەڵدەستێت مەنهەجەکەمان سەربە هەرێمی کوردستانە ئەمە گەورەترین کێشەیە )) کەواتە خوێندنی کوردی لەنێوان ( هەرێم و بەغدا ) بووە بە قوربانی ، بە تایبەتی خوێندکارانی ( ٩-١٢)ی بنەڕەتی چونکە بەرنامەی خوێندن و مەنهەجی کوردی سەربە هەرێمە ، بەڵام تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ وەزاریەو لە بەغدایە و پرسیارەکان بە زمانی عەرەبی دەردەچێت و وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی ، کە بەشێوەیەکی نازانستی و تێکەڵ و پێکەڵ و وەرگێڕانێکی نادروست دەدرێت بە خوێندکاران و تووشی دڵەڕاوکێ و نا ئارامیان دەکات و ناتوانن نمرەی تەواو بهێننەوە . ئەمە سەرتای دروستبوونی ئاریشەی خوێندکاری کوردە لە کەرکوك . پاش تەواوکردنی خوێندنی بنەڕتی و ماندووبوون ، ڕووبەڕووی کێشەیەکی لەوە گەورەتر دەبنەوە ، کاتێك لە زانکۆی کەرکوك و زانکۆکانی دیکەی عێراق وەردەگیرێن ئەویش نەزانینی زمانی عەرەبییە ، کە گەورەترین کێشەی خوێندکاری کوردە ...( کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی  زانکۆی کەرکوك ) دەکەین بە نموونە .. ئەم کۆلێژە هەشت بەش لەخۆ دەگرێت ( کوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی ، تورکی ، جوگرافیا ، مێژوو ، دەروونناسی ، زانستی قورئان ) لەم هەشت بەشەدا هەمووساڵێك بەشی کوردی لە وەرگرتنی خوێندکاری کورددا بەشی شێری بەر دەکەوێت ... ساڵی وا هەبووە نزیکەی ( ١٢٠٠ ) خوێندکار لە بەشی کوردی خوێندویانە ... ئەمساڵ نزیکەی ( ٨٠٠ ) خوێندکار لە بەشی کوردی زانکۆی کەرکوك دەخوێنن ... خوێندکاری کورد لە بەشەکانی تردا ڕێژەیان کەمە و هەر لە کەمبووندایە ... لێرەدا پرسیار ئەوەیە : ئایا کورد و خوێندنگا کوردییەکان پێویستیان بە خوێندن و مامۆستایانی ئەو بەشانەی دیکە نییە ؟ ئەی بۆ خوێندکاری کورد لێی هەڵدێت ؟ لە پرسیارکردن و بەدواداچووندا ئەوە دەردەکەوێت کە کێشەی زمانی عەرەبیان هەیە و

دڵنیان لەوەی کە لەو بەشانەی تر سەرکەوتن بەدەست ناهێنن و دەرناچن ... جێی ئاماژەیە ئەوانەی لەو بەشانە وەرگیراون زۆر بەکەمی دەتوانن نمرەی دەرچوون بەدەست بهێنن و زۆربەیان بە بڕیار دەردەچن ، کە ئەم دەرچوونەش کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر دواڕۆژی خوێندن و دامەزراندنیان ، چونکە ناتوانن دواڕۆژ داوای خوێندنی باڵا ( ماستەر ) بکەن و خوێندنی باڵا تەواو بکەن ... لە بەرامبەر ئەمەشدا خوێندکارانی عەرەب و تورکمان نمرەی بەرز دەهێننەوە و دەتوانن کێ بڕکێ بکەن و وەرگیرێن . کەواتە خوێندکاری کورد لەمەشدا بێبەش بوو ... هەروەها جێی سەرنجە ئەو بەشانە جگە لە بەشی زمانی کوردی زۆربەی زۆریان مامۆستایانیان لە نەتەوەی عەرەب و تورکمانن ... مامۆستای کورد لەو بەشانەدا بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن ...

جێی ئاماژەیە ئەم بارە نالەبارەی خوێندنی کوردی لە کەرکوک ئێستا وای لێ نەهاتووە ، بەڵکو لەکاتی دەسەڵاتی کوردیش لە کەرکوک هەمان کێشە و ئاریشە هەبووە . .. کە جێی داخە کەس خۆی نەدەکردە خاوەنی و خەمێکیان لێ نەدەخوارد . لە سەرەتای پرۆسەی ئازادییەوە خوێندنگاکانیان کرد بە کوردی بەبێ ئەوەی بیر لە داهاتووی خوێندکار بکەنەوە ، سبەی لە کام زانکۆ دەخوێنێت و وەردەگیرێت ؟ بیریان لە پەروەردەکردن و دروستکردنی مامۆستای کورد نەکردەوە کە هەڵگری بڕوانامەی باڵا بێت و لە زانکۆی کەرکوک دایمەزرێنن . یاخود بناخەی زانکۆیەکی کوردیان دانەنا کە دەکرا زۆر بە ئاسانی چەند کۆلێژێک سەربە زانکۆکانی کوردستان لە کەرکوک بکەنەوە و پاشان لەژێر سەرناوی زانکۆیەکی کوردی کۆیان بکردایەتەوە ، کە ئەوە نەکرا ... ئەمە و دەیان کێشەی تر ڕووبەڕووی خوێندکاری کورد بۆتەوە ... بێگوومان ئەمەش کورتەیەکی ڕەوشی خوێندنی کوردی بوو لە کەرکوک ...

## ئەنجام :

١  کەرکوک شارێکی فرە زمانی و فرە نەتەوە و فرە ئاین و ئاینزایە ، پێکهاتەی دانیشتوانی کەرکوک بریتییە لە ( کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوور )

٢  کەرکوك کوردستانێکی بچوککراوەیە و زۆربەی زارەکان لە کەرکوکدا بوونیان هەیە ، تەنها کرمانجیی ژووروو نەبێت .

٣- زمانی کوردی لە کەرکوك پاڵەپەستۆی زمانەکانی دیکەی لەسەر نییە ، تاوەکو ببێتە هەڕەشە .

٤  ڕەوشی خوێندنی کوردی لە قەیراندایە و خوێندکارانی کورد نائومێد و دڵشکاون بەهۆی کێشەی زمانی خوێندن لە زانکۆی کەرکوك کە عەرەبییە و کێشەکانیش چارەسەر نەکراون .

## پێشنیار و داواکاری :

داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆکانی کوردستان کورسی خوێندنی باڵا بۆ خوێندکارانی کوردی کەرکوك زیاد بکەن ، لە هەر دوو بواری زانستە پەتییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان . هەروەها کورسی خوێندن بکالوریوس بۆ یەکەمەکانی دوانزەی بنەڕەتی دابین بکەن .

لەگەڵ ڕێزمدا ...